

# سەبارەت بە پەرەگرتنی فاشیزم قەومی کورد
# هۆکار و ئاکامەکانی

سامان ئەحمەد

## ناسیۆنالیزمی کورد:

ناسیۆنالیزمی کورد بە پێچەوانەوەی ناسیۆنالیزمی نەوەکانی پێش خۆی لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا نەك تەنها ناسیۆنالیزمێکی پێشکەوتنخواز نەبووە و نی یە و هیچ هەنگاوێکی ڕوو لە پێشی مێژوویی و کۆمەلایەتی ماددی لە دەستوردا نی یە بە لکو بە پێچەوانەوە ناسیۆنالیزمێکی عرقی یە ( ڕەگەزی ) ی دابڕاو بەهەر بەرەوەندێکی ئابووری و ماددی یە

ناسیۆنالیزمی عرقی : کێشەی ئەسلی ئەم ناسیۆنالیزمە جگە لە کێشەیەکی سیاسی لەچوارچێوەی چاوچنۆکی شەریك بوون و بەشی دەسەلات هیچیتر نی یە . بەردی بناغەی ئەم ناسیۆنالیزمە لە کۆمەلگادا بۆ حەرەکەت کردن و هێزکۆکردنەوە بۆ ئامانجەکانی لە کۆمەلگادا لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ئینسانەکان لەسەر بنەمای زمانی قسەکردنیان و کردنیان بە گژ یەکتری و کردنیان بە دوژمنی یەکتری.

ناسیۆنالیزمی عرقی دواکەوتووترین و دارزیوترین شکلی ناسیۆنالیزمە لە سەردەمی ئەمڕۆدا، هیچ ناوەرۆك و تایبەتمەندیەکی نەوەکانی پێشووی ناسیۆنالیزمی نیە. ناسیۆنالیزمی کورد ناسیۆنالیزمێکی عرقی بێ ئەندازە چاوچنۆك و ڕەزیلە بۆ شەریك بوون لە دەسەلات، بۆ ئەم ئامانجە سیاسیەی خۆیان هەتا بۆیان کرابێت دوور لەهەر ڕەوشتێکی مۆدرێن و ئینسانی خەریکی قوولکردنەوەی درز و قلیشتی قەومی و سڕینەوەی سیفەتی ئینسانی بوون لە کۆمەلگا. بە دوای بەعسدا بەنزینیان بە ئاگری شەڕی قەومیدا دەکرد و کەسانی هەرزەو ڕێکخستنەکانی خۆیان دەناردە سەر مالە عەرەب زمانەکانی کەرکوك و لێدان و هێرش کردنە سەر ئەوانەی بەرگی کوردیان لەبەردا نیە. ئەگەر فاشیزمی ناسیۆنالیزمی عەرەب تا دوێنێ خەریکی ئەوەبوو زۆربەی کارمەندانی دامەزراوە حکومیەکان زیاتر ٪80 عەرەب زمان بن ئەمڕۆش ناسیۆنالیزمی کورد بەهەمان ئاراستە و سیاسەتدا خەریکی بەرزکردنەوەی ئەم ڕێژەیەیەبۆ ٪90 کە زۆربەی کارمەندانی دامەزراوە حکومیەکان کورد زمان بن.

جیاکردنەوەی ئینسانەکان لەسەربناغەی زمانی قسەکردن، دروستکردنی بەربەستی قەومی لە نێوانیاندا ،بەبانتر گەورەتر نیشاندانی قەومی خۆ. سیاسەتێکی شۆفینیستانەی ناسیۆنالیزمی ئەم سەردەمەیە کە ناسیۆنالیزمی کورد ڕۆژانە ئاوپرژێنی زەینی خەلك و کۆمەلگای کوردستانی پێ دەکات دەیەوێت لەم ڕێگا نا ئینسانی و ڕەزیلانەیەوە هەژمونی سیاسی و ئامانجی سیاسی خۆی بە دەست بهێنێت بەوەی کە ئامامجە سیاسیەکانی بزووتنەوەکەی خۆی بەناوی داواکاری و مافەکانی (کورد) ەوە

بقەبڵێنێت. شۆڤینیزمی قەومی فکر و فەلسەفەی ئەم سیاسەت و ڕەوەندەیە کە ئەمڕۆ ناسیۆنالیزمی کورد لەسەری کار دەکات.

ئەمڕۆ بە کردەوە ناسیۆنالیزمی کورد شۆڤینیستە و شۆڤینیزم لە کۆمەڵگای کوردستان بەرهەم دەهێنێت.

## نموونەکان

کارێکی دروست نی یە تەنها بەپاساوی فکری و فەلسەفی قسە لە پەرەگرتنی فاشیزم و شۆڤینیزم و ڕاسیزمی ناسیۆنالیزمی کورد بکەین بەبێ خستنەڕووی نموونەکانیان لە کۆمەڵگادا لە سیاسەت و کار و کردەوەو ڕاگەیاندنەکانیاندا.

- بەهێزکردن و توندکردنەوەی هەرچی زیاتری جیاکردنەوە و بەربەستی قەومی بە تایبەت لە شاری کەرکوک دا تا ئاستی خوڵقاندنی توندو تیژی و نائارامی لەو شارەدا.خوڵقاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو خێزانە عەرەب زمانەکاندا بە مەبەستی ترساندن و دەرکردنیان لە شوێنی ژیانیان، ناو زڕاندنیان بەزاراوەی دوواکەوتووانە و کۆنەپەرستانەی وەکو عەرەبی نارەسەن...هتد.
- گرتنەبەری هەمان سیاسەتی فاشیستانەی بەعس لەبردنەسەری ڕێژەی کارمەندانی کوردزمانی دامەزراوە حکومیەکان لەبەرامبەر نەتەوەکانی تردا.

## ئێمەی کورد

یەکەم زاراوەی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ خەڵك و لەبەرامبەر خەڵکی نارازی کوردستاندا زاراوەی (ئێمەی کورد)ە. ڕاگەیاندنی ناسیۆنالیزمی کورد هەموو جۆرە سیفەتێکی ئینسانی سڕیوەتەوە. منالآنی کوردستان لە تەمەنی6 ساڵیەوە بە دووکەڵی سروودی دوژمنکارانە و نەتەوەپەرستانەی ئەی ڕەقیب گۆش دەکات، لاوان ئەوەندە مافیان هەیە و بۆیان هەیە قسە بکەن کە لاوی کورد بن و ئەو کورسی و دەستکەوتانە بپارێزن کە ناسیۆنالیزمی کورد دەستی کەوتووە، ماف و خواستەکانی ژنان دەبێ لە ماف و خواستەکانی ژنی کوردا تێ نەپەڕێت کە ئەوان کەلتور و عادەت و چوارچێوەو قانونیان بۆ داناوە. هونەرمەند یان گۆرانی بێژی کورد زمان ئەو کەسەیە کە پێشتر جلی کوردی و جامانە و پەستەك و کوڵەباڵەکەی لەبەرکردبێت تا نەکەوێتە بەر تیرو توانج.

ئێمەی کورد ئەو ناسنامەیەیە کەلەرێگایەوە ناسیۆنالیزمی کورد لەبەرامبەر خواست و نارەزایەتیەکانی جەماوەردا ڕاسیزمێکی عەیاری بەرهەم هێناوە و گاڵتەجاڕی بەخواست و نارەزایەتیەکانی دەکات. ڕاسیزم لەبەرامبەر مۆدێرنیزم و پێشکەوتنخوازی یەکێکە لەسیفەتەکانی ناسیۆنالیزمی کورد. ڕاسیزمێك کەلەسەر بناغەی سڕینەوەی ناسنامەی ئینسانی خەڵکی کوردستان بەرهەم هاتووە هەموو خواستە ئینسانیەکانی خەڵکیش لە ژێر تەپ و تۆزی ئەم ناسنامە قەومیەدا هێرشی دەکرێتەسەر تەنانەت، خواستی ئاو کارەباوەکو خزمەتگوزاریەکی کۆمەڵایەتی ئینسانی ئەم سەردەمە بو خەڵکی کوردستان بە ڕەوا نابینن .

## فاشیزمی قەومی کورد

لە هەموو ئەمانەش خراپتر پەرەگرتنی ڕەوەندێکی فاشیستی یە کە زیاترلەناو سیاسەتمەداران و ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیستی دەرەوەی کوردستاندا لەسایتە کوردیەکاندا خۆی دەرخستووەکە سەرەڕای جیاکردنەوە و دەستەبەندکردنی قەومی خەریکی خۆش کردنی ئاگرن لەبەرامبەر یەکتردا ڕاگرتنی خەڵکی کورد زمانە لەبەرامبەر غەیرەکوردا، و ڕەخنەی ئەوەی لە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد دەگرێت کە بە جدی نەچووەتە شەڕی قەومەکانی ترەوە. زاراوەکانی لەچەشنی عەرەبی پێ پەتی ، فاشیستە عەرەبەکان، کۆمەڵێك باس و خواستی تر لەوانەش کارگەیشتووەتە ئەوەی ئەسەڤ ئەوە هەڵدەکێشرێت کە خەڵکی

عەرەب زمان کە ئەوان بە دوژمنیان لە قەڵەم دەدەن لە فەلەستینەوە ئاوارەبوون و ڕوویان کردووەتە کوردستان و لەخاکی کوردستاندا هەناسە دەدەن و دەژین ئەم فاشیزمە قەومی یە مافی ژیان و گوزەران لە دەیان و سەدان خێزان ئاوارە کە لەدەست شەڕ و کوشتار هەڵاتوون بە خیانەتی قەومی لە قەڵەم دەدات. مانەوەی خێزانە عەرەبەکان لە شاری کەرکوکدا بەخەتەرێك بۆ سەر ئەمن و چارەنووسی قەومی کورد تەماشادەکەن، ئەم ڕەوەندە لەگەڵ فاشیزمی ئەڵمان و بەعس چ جیاوازیەکی هەیە ئەگەر بتوانێت و فرسەتی ئەوەی هەبێت بەم سیاسەتە بەرژەوەندی ناسیۆنالیزمی کورد بپارێزێت.

ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێکی تر سیفەتی خۆ تەنها بە کورد زانین و بە بانتر و ڕەسەنتر زانینی کورد لە قەومەکانی تر، بەتایبەت لەدەرەوەی کوردستان لەسەردەستی ناسیونالیزمی کورد دا بەوپەڕەی خۆی گەیشتووە، هەرکەس بڕوانێتە کۆڕ و مەراسیم و ئاهەنگە سیاسیەکانیان کە بەئاڵای کوردستان تەنراون تەنانەت ئەگەر سەیری ناوچەوان و جلوبەرگی ئامادەبووانیش بکات، ئینسان وا هەست دەکات لەسەر زەوی یەك نەتەوە دەژی ئەویش کوردە. ئەم ڕەوەندە هەرچەندە نارەزایەتی بە شێوازی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد هەیە بەڵام لە ناوەرۆکدا خۆی بەشێکی راسترەوتر وئاڵتەرناتیڤێکی ترسناکترە بۆ کۆمەڵگای کوردستان و شەڕ و نارەزایەتی ئەم ڕەوەندە هی دەسەڵاتە لە نێو باڵە جیاجیاکانی ناسیۆنالیزمی کوردا.

**ئاکامەکان**

ناسیۆنالیزمی کورد بەم سیفەتی عرقییەوە (ڕەگەز)یەوە جگە لە قووڵکردنەوەو جیاکردنەوەی قەومی خەڵکی کورد زمان لەوانی تر و ڕاگرتنیان لەبەرامبەر یەکتردا و ، بە مانایەکی تر لە جیاتی چارەسەری کێشەی قەومی قووڵکردنەوەی کێشەی قەومی یە، هیچ چارەسەرێکی بۆ کێشەی کورد نیە. لە ئاستی کوردستانیشدا بەشۆڤینیزم و ڕاسیزم بزووتنەوەی و سکۆلاریزم و حەقخوازانەی لاوان و ژنان و جەماوەری کوردستان بخاتە کەنارەوە و ئەم دەسەڵاتە کۆنەپەرستانەیە درێژە پێ بدات.

هەر چاوەڕوانیەك لە ناسیۆنالیزمی کورد بۆ چارەسەری یەکجاری کێشەی کورد خۆشباوەڕیەکی هەڵخەڵتێنەرە و هەر گیرۆدەبوونێکیش بە تەبلیغاتی کوردبوونی ناسیونالیزمی کورد سەرلێشێوێنەر و فریوکارانەیە بۆ چەواشەکردنی جەماوەری کوردستان.

خەڵکی کوردستان دەبێ خۆی لە تان و ڕایەڵ و پۆی قەومی ناسیۆنالیزمی کورد ڕزگار بکات هەر کردەوەوە و سیاسەتێکی فاشیستانە و شۆڤینیستانە و ڕاسیستانەی ناسیۆنالیزمی کورد ڕیسواو پوچەڵ بکاتەوە و خۆی وەکو بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەراسەری ئازادیخواز و مۆدێرن نیشانی دنیا بدات. چی تر باجی سیاسەتی ناسیۆنالیزمی کورد نەدات .